# چی جۆرە بزووتنەوەیەکی سۆسیالیستی ئەتوانێت ململانێی کاپیتاڵیزم بکات لەم سەردەمەدا


کاوە (سالم کەریم)

ڤانکۆڤەر


فیبرووەری 2007

زۆربوونی کێشەو گرفتە جۆراوجۆرەکان و دەرگیربوونی بەشەریەت لەگەڵ چەندین نەخۆشی کۆمەڵایەتیدا ، ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر خولیای گۆڕینی پێکاهاتەو سیستەمی کۆمەڵایەتی ئابووری کاپیتاڵیزمان دەکەن . زۆرجار لەژیانی ڕۆژانەماندا گوێبیستی ئەو ڕاستیەیە دەبین کەلەلایەن خەڵکێکی زۆرەوە ئاماژەی پێدەکرێت دوترێت "سیستەمی کاپیتاڵیزم دەبێت بگۆردرێت ". بەلاّم چ جۆرە ئەلتەرناتیڤێك جێگەکەی بگرێتەوە ، ئەو پرسیارەیە کە نەیارانی کەپیتاڵیزمی بەخۆوە سەرقاڵکردوە و هەریەکەیان لەگۆشەنیگایەکی جیاوازەوە قسەی لەسەر دەکەن. لەگشتدا لە نێو ئەو سەرقالیەانەدا جێگرتنەوەی کاپیتاڵیزم بەسیستەمێکی سۆسیالیستی یەکێکە لەئەڵتەرناتیڤە سەرەکیەکان کە بەبەردەوامی قسەی زۆری لەسەر دەکرێت . بەلاّم چی جۆرە بزووتنەوەیەکی سۆسیالیستی ئەتوانێت ئەو ئەلتەرناتیڤە بێت ئەو پرسیارەیە کە ئەم باسە هەوڵێکی بچووکە بۆ ڕۆشنکردنەوەی هەندێك لە تایبتەمەندیەکانی .

کارکردن لەچوار مەیدانی سەرەکیدا ، ئامانجە سەرەتایەکانی ئەو مۆدە سۆسیالیزمەیە کە بەشێك لە سۆسیالیستەکانی ئەم سەردەمە پێی لەسەر دادەگرن و بەخوێندنەوەیەکی نوێەوە جارێکی تر ئەو مەیدانانە دەگەڕێننەوە بۆ نێو دەرسەکانی زانستی سیاسی لەدنیای ئەمڕۆدا . یەکەم بەپشت بەستن بە میتۆدی کلاسیکی مارکسیم و دەرس و کەڵك وەرگرتن لەکۆنسێپتە فکریە ئابووریەکانی مارکس و ئابووری ناسانی سۆسیالیستی ئەم سەردەمە ، ئەو بزووتنەوەیە نایەکسانی و گرفتە ئابووریەکانی سیستەمی کاپیتاڵیزم دەداتە بەر ڕەخنەو پەردەهەڵدەماڵێت لەسەر نایەکسانی و شێوازی کاکردنی دەزگا ئابووریەکانی لەئێستادا. چەمکی دووەمی کارو هەڵسوکەوتی ئەو مۆدێلە سۆسیالیزمە ڕەخنەگرتنە لە پراکتیزەکردنی ديموكراسييەتی کاپیتاڵیزم لەئەمڕۆدا . ڕەخنەگرتن لەم مەسەلەیە و نیشاندانی شکستەکانی لەڕێگەی قووڵکردنەوەی ديموكراسيەوە یاخوود بەبەراوردرکنی مۆدێلی ديموكراسيەکی کاپیتاڵیزم لەگەڵ دیمۆکراسیەکی سەراپاگیر تایبەتمەندیەکی تری ئەم بزووتنەوە سۆسیالیستیەیە کە لێرەدا باسی دەکەین ، چونکە لەسیستەمی کاپیتاڵیزمدا ديموكراسی یەکسان کراوە بە هەڵبژاردنێکی نایەکسان و نادرووست و ساختەکارانە کە تێیدا هەرچوارساڵ جارێك دەنگدەدرێت بەکەمینەیەك بۆ ڕاپەراندنی کار و بەرژەوندیە تایبەتەکانی کەمایەتیەکی بچووکی لە کۆمەڵگادا . بۆ ڕەخنەگرتن لەم تێروانینە پێناسەکردنی سۆسیالیزمی ديموكراسيی لە ڕوانگەی ئەم بزووتنەوە سۆسیالیستیەوە بەتەنیا راپرسی نیە لەسیاسەتکردندا ، بەڵکو گەڕانەوە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خەڵك بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان بەیەکێك لەپرەنسیپە سەرەکیەکانی دادەنێت بۆ قووڵکردنەوەی مانای دیمۆکراسی کردنی بەبەشێك لەفەرهەگی کۆمەڵگا . مەیدانی سێیەم کەلەم باسەدا لەڕوانگەی ئەم مۆدە سۆسیالیزمەوە دەچینە سەری کارو هەولسوڕانەکانی ڕۆژانەی بەشەرە لەژینگەدا ، بە وورۆژاندنی ئەم کێشەیە ئەم بزووتنەوەیە جیاوازیی و تایبەتمەندیەکانی خۆی لەگەڵ بزووتنەوە سۆسیالیستییەکانی تر پێشخۆیدا جیادەکاتەوە . بەشێکی بەرچاوی چالاکیەکانی ئەم بزووتنەوەیە سەرنجراکێشانی کۆمەڵگایە بۆ هەڵوێستەکردنە سەبارەت بەو هەڵسوکەوتانەی کە سیستەمی کاپیتاڵیستی لەژینگەدا ئەنجامی دەدات ، چونکە ئەگەر بەم شێوەیە ژیان بەردەوام بێت بۆی هەیە تەواوی بەشەریەت تیا بچێت. دوا بەش کەلەم باسەدا دەچینە سەری مەسەلەی بزووتنەوەی فێمیزمە . تاکو ئێستا سۆسیالیستەکان بەوە تاوانبار دەکرێت کە مەسەلەی ژنانیان

وابەستەکردووە بەمەسەلە چینایەتییەکانەوە و چارەسەرکردنی هەموو کێشەی ژنانیان هەڵگرتووە بۆ دوای نەمانی کۆمەڵگای بێ چین. بۆیە سەرباری ئەوەی کێشەی ژنان کێشەیەکە ڕاستەوخۆ وابەستەیە بەسیستەمی کاپیتالیزمەوە ،لەڕوانگەی ئەم بزووتنەوەوە کێشەکانی ژنان بەهیچ شێوەیەك دواناخرێن بۆ ئایندەیەکی نادیار و پێویستە هەرئێستا هەوڵ بۆ وەرگرتنی مافەکانی ژنان ببێتە یەکێك لەمەیدانە سەرەکییەکانی هەر بزووتنەوەیەك کە ناسنامەی سۆسیالیست بوون بەخۆیەوە هەڵگرێت.

## ڕەخنەگرتن لە چەمکی ئابووری کاپیتالیزم لەڕوانگەی سۆسیالیستییەوە لەم سەردەمەدا

کەس ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کەسیستەمی ئابووری سیاسی ئێستا سیستەمێکی " کاپیتالیستییە " و بناغەکەی لەسەر خاوەندارێتی تایبەت وەستاوە. ئاکامی هەوڵە سەرەکییە ئابووریەکانی ئەم سیستەمەش سەپاندنی دەستەلاتی نوخبەیەکە بۆ دەستگیر بوون لەدەستکەوتی ئابووری زیاتر و کەڵەکە کردنی سەرمایەیەکی زۆر لەچنگی ئەو نوخبە کەمەدا . بۆ شەرعیەت دان بەم هەلومەرجە پسپۆرانی کاپیتالیستی پێیان وایە سیستەمی کاپیتالیزم لەباری ئابوورییەوە سیستەمێکی بەرهەم هێنەری کاراترە بە بەراوردکردن لەگەڵ تەواوی سیستەمەکانی تر ، چونکە لەسایەی ئەم سیستەمەدا ڕێژەی بەرهەمهێنان بەئەندازەیەکی یەکجار زۆر چووتە سەر . بەلاَم " میڵتن فریدمان" کە یەکێك بوو لە ئابووری ناسە سەرەکییەکانی ئەم سەردەمەی کاپیتالیزم و چاوساغی ڕەوشی نیۆلیبراڵیزم ، باوەڕی وابوو سەرباری ئەم گەشەکردنە ئابووریانەی ئەم سەردەمە و تایبەتی کردنەوەی بەشێکی زۆر لەکەرتە گشتییەکان، تاکو ئێستا سیستەمێکی کاپیتالیستی "Pure " واتا ئەسڵ لەدنیادا بوونی نییە. ئەو دەڵێت: کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان کە پێشڕەوە ڕەنگدانەوەی پلانە ئابوورەیەکانی کاپیتالیزمن هیچ جۆرە بەرپرسیارێتیەکی کۆمەلاَیەتیان نییە ، بەڵکو تەنیا کارێك کە لەئستۆی ئەواندا بێت فەراهەم کردنی سەروەت و سامانی زیاتر و گەشەی ئابوورییە ، بەلاَم تاکو ئێستا لەهەندێ شوێن دەوڵەت دەبێتە بەربەست لەبەرامبەریاندا و قەیدو بەندی زۆر دەخرێتە سەریان لەژێر بەهانەی پاراستی ستاندارتە کۆمەلاَیەتیەیکاندا. ئەو درێژە بە بۆچوونەکەی دەدات و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت زۆر جار پێچەوانەی سرووشتی سیستەمی کاپیتالیستییە، چونکە دەبینین مەسەلە کۆمەلاَیەتییەکان دەستتێوەردانی دەوڵەتیان پێوە دیارە و تیکەلاَیەك درووست بووە . ئەو دەڵێت : زۆر جار بەهۆی ئەم دەستتێوەردانانەوە بازاڕەکان و ڕەوشی ئابووری خاوی و شکستی بەخۆوە دەبینن ، کە هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سانسۆرانەی کە لەلایەن دەوڵەت دەسەپێندرێت. فریدمان لەو باوەڕەدایە دەوڵەت پێویستە ئازادیەکی ڕەها بدات بە بازاڕەکان بۆ ئەوەی دەورانە ئابووریەکان خێراتر ببنەوە . چونکە چالاك بوونی دەورانە ئابووریەکان لەلایەك دەبێتە مایەی باشتربوونی گوزەرانی خەڵك بەچوونە سەرەوەی داهاتی سالاَنەیان و گەڕانەوەی ئەو داهاتە بەشێوەیەکی خێرا بۆ بازاڕەکان . لەلایەکی تریشەوە ئەم پرۆسەیە دەبێتە مایەی فەراهەم بوونی هەلومەرجێك کە تاکەکانی کۆمەڵ خۆیان ڕێکدەخەن و دەبنە هۆکاری بەرێوە چوونی گشت کۆمەڵگا ، وە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کێشە و گرفتە کۆمەلاَیەتییەکانیش خۆیان وەلاَم وەردەگرنەوە . هەرچەندە بۆچوونەکانی فریدمان جیاوازی هەیە لەگەڵ ئابووریناسانی کاپیتالیستی پێش خۆیدا ، ئەو بەشێکی ئەم بۆچوونانەی لە ئادەم سمیس وە وەرگرتووە ، وە لەهەندێ ڕووەوە لەگەڵ ئەودا هاوڕایە. بۆ نمونە بیرۆکەیەکی سەرەکی کە سمیس لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناوی " سەروەت و سامانی نەتەوەکان" یاخوود "The Wealth of Nations" ئاماژەی پێ دەکات "self motive" یاخوود " ئارەزووە خوودییەکان "ە . سمیس ئارەزووەی تاکەکان بە یەکێك لە مەرجە سەرەکییەکانی بەردەوام بوونی سیستەمی ئابووری کاپیتالیزم لەقەڵەم دەدات . ئەو دەڵێت " تاکە بزوێنەرێك بۆ گەشەی ئابووری تەماح و هەوڵە چلێسییەکانی تاکە لەکۆمەڵگادا" ، چونکە سمیس پێی وایە تاکەکان سرووشتی خۆپەرستی و خۆشویستنی خوودیان هەیە کە بەچەند دەربڕینێك لێرەو لەوەی لەکتێبەکەیدا باسی دەکات.

بۆ شیکردنەوەی ئەم دەربڕینە پیوستە هەندی ووردتر باسی ئەم پرۆسەیەی گەشە و بەڕێوەچوونی ئەو مەسەلە ئابووریانە لەڕوانگەی ئادەم سیمس وە بکەین .[1] سمیس پێی وایە تاکەکان ئارەزووی ملکداریێتی پالیان پێوەدەنێت کە کاراکتەرێکی چالاك و زرینگ بن لەسیستەمی کاپیتالیستی و بازاڕی کارکردندا . ئەو پێی وایە تاکەکانی کۆمەڵ نێتۆرکێکی ئابووری و کۆمەلایەتی لەڕێگای پێداویستیەکانیان بەیەکتری پێکدەهێنن کەتێدا کەسێك خزمەتی کەسێکی تر دەکات وەلەڕێگەی ئەو خزمەتکردنەوە هەموو تاکەکانی کۆمەڵ پێویستیان بەهاوکاریکردن و کارکردنە بۆ یەکتری . سیمس پێی وایە لەم پرۆسەیەدا ململانێ بۆ بەدەستهێنانی سەرەوت و سامانی زیاتر وە بەبێ ئەوەی هەست بکەن هەوڵ و داهاتی تاکەکات دەبێتە مایەی گەشە کردنی سەروەت و سامانی نەتەوەی . ئەو لەگشتدا هەوڵ و حەزە فەردیەکان بە بزوێنەری سەرەکی وەرچەرخانی ئابووری کاپیتالیستی دەزانێت ، بەلام جیاوازی سمیس لەگەڵ کەسێکی وەك فریدماندا لەیەك خالێ زۆر سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە ئەوەیش دەستتێوەردانی دەستەلاتە لەکاروبارە ئابووریەکاندا . سەرباری ئەوەی باوەڕی وایەی بازاڕ ئازاد بێت ، " سمیس" نکۆلی لەوەش ناکات کە ئەگەر هەندی سانسۆر نەبێت لەبازاردا ، ئەوە ئەوانەی جلەوی بازاڕیان بەدەستەوەیە زیادە ڕۆیی دەکەن و عاقاری گشت ڕەوەندەکان دەخنە خزمەت کەلەکەی سەرمایەی زیاترەوە بۆخۆیان ، بۆیە ئەو دەلێت پێویستە " هەندێ جار " سنوورێك بۆ ئەو زیاد ڕەویانە دابنرێت.[2]

بیگۆمان هەلومەرجی سیاسی ئابووری لە ئێستادا سەرباری ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی ڕووەو ئارەزووەکانی فریدمان ملدەنێت کە لەنێوان لیبرالیزم و نیۆلیبرالیزمدا وەردەچرخێت ، لەهەر شوێنەو کەلك لەیەکێك لەم بۆچوونانە وەردگیردرێت . بەلام ئەتوانین بلێین ڕووشە ئابووریەکان لەگشتدا بەشیوەیەکن کە لەزۆر وولاتانی دنیا دەولەت ڕۆژ دوای ڕۆژ بێهێزتر دەبێت و زۆربەی ئەو کەرتانەی کەپەیوەندیان بەژیانی کۆمەلگاوە هەیە حەوالەی کەرتی تایبەت دەکرێن . دەبینین خوێندن و خزمەتگوزاریە پزیشکیەکان و چەندین کەرتی تری خزمەتگوزاری کەپێداویستی سەرەکین لەکۆمەلگادا بەرچاوترین ئەو بەشە خزمەتگوزاریانەن کە بەبەردەوام تایبەت دەکرێنەوە. ئەم پرۆسەیە عاقیبەتەێکی زۆر ڕۆشن جێکەوتە دەکات کە بۆ هەموو تاکێك قابیلی حالێ بوونە ، عاقیبەتێك کە هەموو چەمکەکانی ژیان بەپێداویستیەکانی ژیان بەخزمەتگوزارەیکانیشەوە دەکاتە کالا و لە بازاڕدا دەفرۆشرێن وە ئەگەر پارەت نەبێت بەهەرەمەند نابێت لەهیچ شتێك.

لەئێستادا بۆ ئەوەی دەولەت نەبێتە بەربەستێك لەبەردەم بازاڕەکان ئەم پرۆسەیەدا، بەلکو ببێتە ئامرازێکی ڕێکخەر و دابینکەری ژینگەیەکی ئارام و شیاو لەو ڕەوەندەدا ، کاپیتالیزم بۆ کەلك وەرگرتن لەڕێنمایەکانی فریدمان و پیادەکردنیان لەڕیگەی کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان و بانکە نێودەولەتیەکانەوە شەربەندی زۆر دەخاتە سەر دەولەت بەمەبەستی سەرمایەگوزاری و کۆنترۆلکردنی هەرشوێنێك کەدەستیان پێیبگات. دەزگاکانی " Bretton Woods_ " کەبەرچاوترینیان بانکی نێودەولەتی " World Bank " و "Monitory International Fund " سەندووقی دراوی نێو دەولەتیە ، ئەو ڕیکخراوانەن کە لەئێستادا ئامۆژگاریەکانی فریدمان لەئەرزی واقیعدا جێکەوتەدەکەن و باشترین خزمەتکاری سیستەمی ئابووری کاپیتالیزمن . بۆ ئەوەی ووردتر لە شێوەی کارکردنی ئەم دەزگایانە تێبگەین لێرەدا وەك نمونەیەك بەکورتی باس لە هەندێ لەکاریگەریەکانی "IMF " لەسەر بەردەوام بوونی دنیای دووبەش " هەژار و دەولەمەند " باس دەکەین .

سەندووقی دراوی نێودەولەتیە یاخوود"IMF " , ریکخراوێکی نێودەولەتیە و 184 وولات ئەندامن تێدا ، کاری سەرەکی ئەم ڕێکخراوە بەپێی پیناسەکردنی خۆی ڕێکخستن و سەقامگیرکردنی نرخی دراوە و گۆرینەوەی کالاکان هەروەها ڕێکخستنی نرخی هێزی کار و دانی بڕێك پارە وەك قەرز بە وولاتان بۆ باشترکردنی بنەمای ئابووریان بەشێوەیەکی

---

[1] http://nobelprize.org/nobel_prizes/economics/laureates/1976/friedman-autobio.html

[2] - ئەم جۆرە زانیاریانە لەکتێبێکی ئادەم سمس دا بەناوی " سەروەت و سامانی نەتەوەکان " دا بەووردی باسی لێوە کراوە و ئادەم خۆی بەخاوەنی ئەم بیرۆکەیە زیاتر ناسراوە بەداوی ئەویشدا فریدمان زیاتر باسەکەی ئادەمی شیکردووەتەوە لەنووسینەکانیدا

گشتی...هتد.[3] سەبارەت بەهەلومەرجی ئابووری و ئەو ئەرکانەی کە ئەو وولاّتانەی کەپێویستی‌یان بەقەرزە لەسەریانە ئەنجامی بدەن ، سەندووقی دراوی نێودەوڵەتی نەخشەیەکی هەیە بەناوی "Structural adjustment " واتە رێککردنەوەی بناغەی یاخو بنیاتی .ئەم نەخشەیە لەسالآنی 1980 وە کاری پێدەکرێت و تایبەتە بەوەی وولاّتان دەبێت چەند ئاڵوگۆڕێك لەسیاسەتە ئابووریەکانیاندا ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی بتوانن یارمەتی لە " IMF" وەربگرن. ئەو بەرنامەیە چەند خاڵێك فەرز دەکات بەسەر ئەو وولاّتانەی کەدەیانەوێت دەست[4]بەپرۆسەی گەشەسەندن بکەن ، کەمن لێرەدا بەکەڵك وەرگرتن لەهەندێ سەرچاوە هەندێکیان باس دەکەم کە خاڵی ململانێ و خەباتکردنی ئەو بزووتنەوە سۆسیالیستییە پێکدەهێنن ، لەدژی ئەنجامدانی هەریەك لەو پلانانە تێدەکۆشێت. لەزۆربەی ئەو وولاّتانەی کاتێك دەست بەئەنجام دانی نەخشەکانی دەزگای ناوبراو کرابێت چەندین گرفتی کۆمەڵایەتی لەو کۆمەڵگایانەدا سەریان هەڵداوە، بۆیە ڕووبەڕوو بوونەوە و دەژایەتیکردنی پلانەکانی دەزگای ناوبراو هەنگاوی سەرەکی سۆسیالیستەکان و زۆرینەی خەڵکی هەژارو زەحمەتکێشی ئەو وولاّتانە بووە .

بۆ نمونە ، شەرتبەندی‌یەکانی دەزگای ناوبراو بریتین لەم چەند خاڵەی خوارەوە.

1- بڕینی هەرجۆرە یارمەتیەك لەمەیدانی کشتوکاڵدا بۆ جوتیاران یاخوو دانی خۆراك بەخۆڕای بۆ ئەوەی ئەو خەرجیانە لە میزانیەی دەوڵەتدا بمێنێتەوە " بۆ نمونە ئەو خۆراك و خواردنەی کەمانگانە دەدرێت بەخەڵك لەعێراقدا، دەزگای ناوبراو بەتووندی دژایەتی دەکات " .

2- بڕینی دابینکردنی یارمەتی بۆ بەرنامە کۆمەلاّیەتی‌یەکان لەچەشنی خوێندن و تەندرووستی و خانوو بەو کەسانەی کەلەخوار هێڵی هەژارییەوە دەژین توانای گرتنی خاوونیان نی‌یە بەکرێ ، وەبێکار کردنی کارمەندێکی زۆر لەم دەزگا خزمەتگوزاریانەدا .

3- لیبراڵکردنەوەی سەرمایەگوزاری و بازاڕەکان بۆ سەرنج ڕاکێشانی سەرمایەدارانی جیهانی و وەلانانی هەربەربەستیەك لەبەردەم هاتنیان بۆ سەرمایەگوزاری لەو وولاّتەدا و کەم کردنەوە یاخوود وەرنەگرتنی باج لێیان.

4- تایبەتی کردنەوەی ئەو کەرتانەی کە دەوڵەت بەڕێوەیان دەبات.

5- ئازادکردنی بازار لە دانانی نرخ لەسەر شتومەکەکان یاخوود کالآکان.

زۆربەی ئەم ڕیفۆرمانە بەپێ بۆچوونەکانی "IMF " بەمەبەستی کەمکردنەوەی قەرز و کێشە ئابوورییەکانی وولاّتانی باشوورە . کەچی بارودۆخی وولاّتان پێچەوانەی ئەم بۆچوونەی دەزگای ناوبراو دەردەخات ، چونکە ڕاستی مەسەلەکە ئەوەیە کە ڕیکخراوی دراوی نێو دەوڵەتی ئەیەوێت بەم هەنگاوانە وەرگرتنەوەی قەرزەکان و سوودی قەرزەکان بۆ بانکەکان مسۆگەر بکات ، بەلاّم لەسەر حسابی کێ ئەوە ئەگەر چاوێك بخشێنین بەئامار و لێکۆڵینەوەکانی ڕیکخراوە خێرخوازەکاندا سەبارەت بە وولاّتانی باشوور ، بەئاسانی لەڕادەی ئەو ووێرناکاری و گرفتە کۆمەلاّیەتی و ئابوورییانانەی کە ئەم دەزگایانە هێناویانە بەسەر ئەوو وولاّتانەدا حاڵی دەبین.

بەرنامەی " ڕێکخستنەوەیەکی بناغەی " لەبری باشتکردنی باردۆخی ژیان ، هەژاری و نەهامەتی زیاتر کردووە لەو وولاّتانەدا. چونکە نەك بەتەنیا ڕێژەی قەرزەکان ، بەڵکو چوونەسەرەوەی" سووی" ئەو قەرزانە ساڵ دوای ساڵ وولاّتانی قەرزکردوو زیاتر باردەکات و دەرگیری چەندین قەیرانی ئابووری کردوون کە ئیمکان نی‌یە بەئاسانی دەرباز ببن لێیان. سەرباری زەخت خستنە سەر وولاّتانی دەوڵەمەندو بانکە نێودەولّتی‌یەکان بۆ کەمکردنەوە و لێخۆشبوون لەبەشێکی ئەو قەرزانە، ڕێژەی ئەو پارەو پوولەی کە وولاّتانی هەژار دەبێت بیدەنەوە هەر ڕوو لەسەرە . بەپێی هەندێ ئامار لەساڵی 1997 قەرزەکانی وولاّتانی هەژار زیاتر لە 2 تریلیۆن دۆلار بووە کە هەریەك لەئەندامانی ئەوو وولاّتانە ساڵانە 400

---

[3] http://www.imf.org/external/about.htm
[4] What are the structural Adjustments? http://www.chebucto.ns.ca/Current/P7/bwi/cccsap.html (December 20, 2006).

دۆلاریان لەسەر دەبێت بیدەنەوە ئەمە لەکاتێکدایە کە داهاتی بەشێکی زۆری خەڵکی ئەم وولآتانە داهاتی ڕۆژانەیان لەدۆلارێك کەمترە .[5] کەچی لەدوای خۆش بوون لەبڕێکی ئەو ژمارانەی سەرەوە ، لەئێستادا ئەو قەرزانە 2.5 ترلیۆن دۆلار زیاترە کە سالآنە سوودی یاخوود فائیزی ئەم پارەیە کەووڵآتانی باشوور لەسەریانە بیدەنەوە 375 بلیۆن دۆلاری ئەمریکیە ، کەئەم بڕە پارەیە زیاترە لەو دەرماڵەیەی کە لەمەیدانی تەندرووستی و خوێندندا لە تێکڕای وولآتانی جیهانی سێیەمدا خەرج دەکرێت. [6]

تێکڕای ئەم گرفتانەی کەلەسەرەوە باسمان کرد ئەو هۆکارانەن کە والەچاوساخێکی کاپیتالیزمی وەك فریدمان بکەن کە بڵێیت سیستەمی کاپیتالیستی ئێستا " پیور" نیە چونکە ئەو گرفتانە بەبەرستی سەرەکین لەبەردەم جێبەجێکردنی بۆچوونەکانی ئەودا. بۆیە تاکو ئێستا لەلایەن زۆربەی ئیکۆنۆمیستەکانی ئەم سەردەمەوە سیسیتەمی ئابووری ئێستا کە زۆربەی وولآتانی دنیا بەرێوەی دەبەن سیستەمێکی تێکەلآوە کە بە" Mixed Economy " ناسراوە . بەلآم سەرباری دەستگرتن بەهەندێ چەمکی سیاسەتی پۆبلێك ئکۆنۆمیەوە ، هەروەك باسمان کرد ئەم شێوازە لەئابووری سیاسی دەمێکە ڕێچکەی تایبەتی کردنەوەی گشت مەیدانەکانی گرتووەتەبەر و خەریکە خەونەکەی میلتن فریدمان لەزۆربەی وولآتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری بەدی دێت.

تایبەتی کردنەوە کەبەیەکێك لەچەمکە ئابووریەکانی نیۆلیبرالیزم دەناسرێتەوە ، سۆسیالیزمی دیموکراسی بەسەرسەختی دژایەتی دەکات و سەرکەوتنی خەبات و تێکۆشانی ئەو خەڵکەی کە بەفرۆشتنی هێزی کار ژیانیان دابین دەکەن لەدژایەتی کردنی ئەو سیاسەتەدا دەبینێتەوە. کەواتە کاتێك بزووتنەوەیەکی سیاسی بانگێشەی دژایەتی کردنی بازاڕی ئازاد و تایبەتی کردنەوە دەکات ، مەبەستێتی بەر بەو نایەکسانی و نابەرابەریانە بگریت و لە بەرامبەریاندا بووەستێتەوە کەئەو ژمارانەی سەرەوەوە گەواهی لەسەر دەدەن . ئەو بزووتنەوە سۆسیالیستیە ئەرکێتی خەڵکی لەئاکامەکانی سیاسەت و هەنگاوەکانی ئەو ڕێکخراوانە ئاگادار بکاتەوە کە تەنانەت هەندێ جار لەلایەن بەرپرسانی دەزگاکانی کاپیتالیزمەوە ئاماژەیان پێدەکرێت. بۆ نمونە کۆفی ئەنان سکرتێری پێشووی ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەکۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا دەڵێت "گەورەترین مەترسی بۆ سەر ئاسایشی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کارە تیرۆریستیەکان نییە ، بەڵکو هەژاریە، وەبەبێ سەرکەوتن بەسەر ئەو مەترسیەدا مەیسەربوونی دنیایەکی ئاسایش و ئارام ئیمکانی نیە".[7]

ڕەنگە لەزۆر جێگەدا ئەو ئامارە ئابووریانەی سەرەوە بەرچاو کەوتووبێتن و زۆر قسە کرابێت لەسەر نایەکسانی و نا ئینسانی بوونی سیستەمی ئابووری کاپیتالیستی ، بەلآم کاتێکیش باس لە ئەلتەرناتیڤێکی ئینسانی تر کراوە نمونەی وولآتانی بەناو سۆسیالیستی بەبەلگە هێنراونەتەوە کەچەند گرفتی سیاسی و ئابووریان بەسەر خەڵکی ئەو وولآتانەدا هێنا. وەهەرکاتێکیش لە دژی بازاڕی ئازاد قسەو باسێك کرابێت ، یەکسەر پاساوی ئەوە هێنراوەتەوە کە کۆنترۆڵکردنەوەی ئابووری و بەرێوەبردنی لەلایەن دەوڵەتەوە گەڕانەوەیەك دەبێت بۆ مۆدیلە سۆسیالیستیەکەی شوورەووی . بۆیە بۆ ئەوەی جیاوازی نێوان ئەو سیستەمە ئابووریەی کە سۆڤێت کاری پێدەکرد و ئەو سیستەمەی کە بزووتنەوەی سۆسیالیستی یاخوود سۆسیالیزمی دیموکراسی باوەڕی پێیەتی لەئێستادا دیاری بکەین بە کوورتی باسیکی سیستەمی ئابووری شوورەی لەدەورانی ستالیندا لێرەدا دەکەین و دواتریش بەراوردی دەکەین بە سیستەمی ئابووری ئەو سویالیسزمەی کەمارکس باس لە لایەنە ئابووریەکەی کردوو و جیاوازیە سەرەکیەکانی لەگەڵ شوورەویدا دیاری دەکەین.

ئەوەی لەسۆڤێتدا دەگوزەری سینترالیزمی ئابووری بوو کە تێیدا هەموو شتەکان لەسەنتەرەوە بڕیاری لەسەر دەدرا بەبێ لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی شوێنەکان و بەبێ بەشداری کردنی کۆمەڵگا لەبڕیارە ئابووریەکاندا. ئەوان لەبری بنیاتنیانی

[5] Brief introduction to global issues. Poverty and Development. www.worldrevolution.org/projects/globalissuesoverview/overview2/BriefOverview.htm( December 20, 2006)
[6] James S. Henry. Where the money Went. Global Issues annual editions 05/06, p.80.

[7] Kofi Annan. Social programs combat terrorism. The Vancouver Sun, September 9, 2003.

سیستەمێکی ئابووری کەخزمەت بەخەڵکی ڕووسیا بکات هەموو خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی ڕووسیایان ملکەچی کارکردنێکی تاقەتپڕوکێن کرد . مەبەستیش لەوکارکردنە بێگومان دیسانەوە گەشەی ئابووری و بردنە سەرەوەی ڕێژەی بەرهەم هێنان بوو کە لەگەڵ ئامانجەکانی سیستەمی ئابووری کاپیتالێزمدا جیاوازی نیە. ئەم تەقەلایەی شوورەوەی لەمەیدانی گەشەی ئابووریدا هەوڵێك نەبوو بۆ وولامدانەوە بە پێداویستیەکانی خەڵك ، بەڵکو ململانێ و شەڕی دەستەلاتێکی تۆتالیتاری بوو لەگەڵ ڕۆژئاوادا. نا سۆسیالیست بوونی مۆدێلی شوورەووی دەکرێت لەئالگۆڕێکی بناغەیدا دیاری بکەین کاتێك کە ستالین درووشمێکی پایەی مارکس دەگۆڕێت . یەکێك لە کۆنسێپتە بەهێزەکانی مارکس سەبارەت بە پەیوەندی تاك و بەرهەمهێنان ، کە هیچ مۆرکێکی جیاکردنەوە و جوداخوازی نێوان بەشەرەکانی پێوە دیار نیە و مانایەکی بەرزی هەیە بۆ یەکسانی بوون ئەوەیە کەدەڵێت ،" کارکردنی هەرکەسێك بەپێی تواناکانی و بەهەرمەندبوونیشی لەشتەکان بەپێی پێداویستیەکانی" ، کەچی ستالین ئەم دروشمەی گۆڕی بە " بەهرەمەندبوونی هەرکەسێك لەپێداویستیەکانی بەپێی کارکردنی" ، ئەمە ئەو ئالوگۆڕە ڕیشەیە بوو کەبووە مایەی ئەوەی سۆسیالیزمەکەی ستالین کریکاری خاوەن بەهرەی لە کرێکاری نۆرماڵ جیا کردەوە و بەردەوام بوونی کۆمەڵگای دوو چینی درێژە پێدا. ئەمە دووبارە کردنەوەی ئەو پەیوەندیە ئابوورییەی کاپیتالیزمەیە کە جێگەو ڕێگەی بەشەر لەکۆمەڵگادا دیاری دەکات و دەبێتە مایەی ئەوەی کەسێك لەسەرووی کەسێکی ترەوە لەخۆشیەکانی ژیان بەهرەمەند بێت. بۆ نمونە یەکەم پلانی پێنج ساڵەی ستالین کە لەساڵی 1928 وە دەستی پێکرد بریاری دابوو بەرهەمە پیشەسازیەکانی ڕووسیا بەتایبەت ئاسن ، لە 3.5 ملیۆن تەنەوە زیاد بکات بۆ 10 ملیۆن تەن تاکو ساڵی 1932. کەچی سەرباری نا کارامە بوونی پلانەکە بۆ بەدەستهێنانی ئەم خۆزگەیە ، تەماحەکانی ستالین لە دوا ساڵی پلانەکە هەر بەوەشەوە نەوەستا بەڵکو ئەو ڕێژەیەی بردە سەرەوە و ڕادەی بەرهەم هێنانی زیادکرد بۆ 17 ملیۆن تەن ئاسن ، ئەمەش هەمووی لەسەر شانی کریکار و خەڵکی زەحمەتکێشی ئەوو وولاتە بوو [8] بۆ جۆشدانی کرێکارانی رووسیای سوور ستالین کێبەرکێکی نایەکسانانەی خستە نێوان کرێکارانی ئەو وولاتەوە ، چونکە بەپێ هەڵسەنگاندنەکانی سۆسیالیزمەکەی ستالین باشترین کۆمۆنیست ئەو کریکارە بوو کە بەهیچ شێوەیەك لەکارکردن نەوەستێت ، هاوکات گوێ رایەڵی هەموو بڕیارەکان بێت لەشوێنی کاردا . دیارە چەندین نووسینی جیا جیا باس لەبەرپوە چوونی ئیستبداد و سەرکووتی کرێکارانی ڕووسیا دەکەن لەو سەردەمەدا بۆیە بەپێویستی نازانم جاریکی تر ئێمەش لیستیان بکەین لێرەدا.

سۆسیالیزم بڕیارە خۆشگوزەرانی فەراهەم بکات بۆ بەشەر ، نەوەك ببێت بە بلۆکێکی بەرهەڵستکاری بەهێز لەبەرامبەر نەیارەکانیدا. . هەروەك لە بووچوونەکانی مارکسدا هاتووە کۆمەڵگای سۆسیالیستی جیاوازیەکی ڕیشەی هەیە لەگەڵ کاپیتاڵستیەکاندا ، جیاوازیەکەشی ئەوەیە کە ئەو پێی وایە کەرەسەکانی بەرهەمهێنان بەشێوەیەکی دیموکراسی لەلایەن کۆمەڵگای تازەوە بەڕێوە دەچن ، نەوەك لەڕیگەی دەستەلاتی نوخبەیەکەوە ، کەرەستەکانی بەرهەمهێنان موڵکی کەمینەیەك نین ، بەڵکو موڵکی هەموو کۆمەڵگان. وەهەرها لەسیستەمی سۆسیالیستیدا کارکردن بۆ بەرهەم هێنانی بەرهەمەکان بەشێوەیەکی خۆبەختانەیە . وە بەبێ لەبەرچاوگرتنی زۆری و کەمی ڕێژەی بەرهەمەکان ، هەرچیەك بەرهەم بهێنرێت بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر کۆمەڵگادا دابەشدەکرێت .

ئەم بۆچوونانەی مارکس بۆ جارێکی تر نا سۆسیالیست بوونی شوورەوویمان زیاتر بۆ ڕۆشن دەکاتەوە . بۆ نمونە ، لەباری ئابووریەوە زۆرینەی خەڵکی ڕووسیا خزمەتی پشەسازی و دەزگا بەرهەمهێنەرەکانیان دەکرد، وە ئەو کالآیانەی بەرهەمیان دەهێنا جیاوازی ئەرز و ئاسمانی هەبوو لەگەڵ خواست و ئارەزوو و پێداویستیەکانی ئەواندا . ئەمە بێجگە لەبوونی هەژاری و نەبوونی خواردن بۆ هەندێك و بەهەرەمەند بوونی هەندێکی کەم لەهەموو شتێك (( بڕوانە کاسێتێکی ڤیدوی بەناوی " ڕێد فلاگ" کە سەبارەت بەسیستەمی سۆسیالیستی ستالینە و بەشێوەیەکی وورد لەو کاسێتەدا هەندێ لە

[8] Robin W. Winks, R.J.Q. Adams. Europe crisis and conflicts 1890-1945. Oxford Ed, P 166.

بەڵشەفیكەكان باسی ئەو ڕووژانە دەكەن كە لەشوورەویدا گوزەری)) .  ئەوەی لە شوورەووی گوزەرا ئەو بلۆك بەندی و ململانێ ئابووریە بوو لەگەڵ ڕۆژئاوادا كە عاقیبەتەكەی بەرهەم هێنانی دەستەلاَتێكی دیكتاتۆری و كۆمەڵگایەكی شەكەت و ماندوو بوو . بەشێوەیەكی گشتی لەسۆسیالیزمەكەی ستالیندا بەشەرەكان سەرباری هەوڵوكۆششێكی زۆر بەمەبستی فەراهەمكردنی كۆمەڵگایەكی یەكسان ، هەموو هەوڵەكانیان بووە مایەی ئەوەی كە بكرێنە خزەمەتكار و كۆیلەی سیستەمێكی ئابووری و سیاسی كە بریتی بوو ئایدۆلۆژیایەكی ووشك و بێ ژیان ،  بەگشتی ژیان لەو وولاَتەدا یەكسان بوو بەچاوەڕوانیكردن بۆ ڕزگار بوون لەزیندانێكی گەورە.

لەزۆربەی نووسینی سۆسیالیستەكاندا بەتایبەت ماركس و ئەنجلس بەئاسانی جیاوازی ئەو سیستەمە ئابووریەی كە ئەوان باسیان كردووە لەگەڵ ئەم سیستەمانەی تردا كە وولاَتە بەناو سۆسیالیستیەكانی هاوشێوەی شوورەووی پیادەی دەكەن ، بەدی دەكرێت. مەبەستی سەرەكیش لەباسكردنی ئەم بزووتنەوە سۆسیالیستیە گەڕانەوەیەكە بۆ ئەو میتۆدە ئابووریە سۆسیالیستیەی كە ئەوان باسیان كردووە، بەلاَم بە لەبەرچاوگرتنی چوونە سەرەوەی پێداویستیەكان و ئەو پێشكەتنانەی كە بەشەریەت بەدەستی هێناون لەمەیدانە جۆراوجۆرەكاندا. هەر وەك ئەو دوو كۆمۆنیستە لەنووسینەكانیاندا ئاماژەی پێدەكەن " سەرچاوەی زۆربەی كێشە كۆمەلاَیەتی و سیاسی و ئابووریەكان دەگەڕێتەوە بۆ پێكهاتەی ژێرخانی ئابووری كۆمەڵگای كاپیتاڵیستی كە چینەكانی بەرهەم هێناوە ، وەهەر یەك لەم چینانە بەپێی جێگەو ڕێگەی ئابووریان دەستەلاَت دابەشكراوە بەسەریاندا"[9]. سەرباری ئەوەی ئەم قسانە چەندین ساڵیان بەسەردا تێپەڕیوە ، كەچی لەئێستادا ئەتوانین ئاماژە بە چەند نمونەیەكی زیندوو بكەین لەسیستەمی كاپیتاڵیستیدا سەبارەت بەدرووست بوونی ئەم كۆنسێپتانەی ماركس. بەپێی ئامارە ئابووریەكانی كاپیتاڵیزم خۆی لەئێستادا 500 كۆمپانیای هەرە دەوڵەمەندی دنیا چارەنووسی ڕەوتی ئابووری كاپیتاڵیزم زۆربەی چەمكەكانی ژیانی بەشەریەت دیاری دەكەن. واڵ مارت و نایكی و هاڵیبرتن و جی ئیم سی و فۆرد و چەندین كۆمپانیای تر كە بەپێشڕەوانی چالاكیە  ئابووریەكانی كاپیتاڵیزم دەناسرێنەوە لە سەرتاسەری دنیادا خاوەنی دەستەلاَتێكی زۆرن بەهۆی سەرمایەكانیانەوە .  بۆ نمونە ، ئەو داهاتانەی كە بازاڕێكی وەك "Wal-mart" لەدوو هەفتەجارێكدا دەستی دەكەوێت، یەكسانە بەداهاتی كاركردنی كرێكارێكی خوودی كۆمپانیای ناوبراو بەدرێژایی تەمەنی . ئەگەر هەر كرێكارێك لە كۆمپانیای ناو براو باسی ناڕەزایەتی یاخوود هەرجۆرە مانگرتنێك بكات ئەو بێ هیچ سلەمینەوەیەك بێكار دەكرێت[10]. یانی بێ نان كردن و بەرتەسك كردنەوەی ژیانی چەندین ملیۆن خەڵك بستراوەتەوە بەوەی كە كاتێك ئەم كۆمپانیایانە بڕیاری لەسەر دەدەن ، لەو بڕیاردانانەدا تەنانەت دەوڵەتیش توانای بەرپێگرتنی بڕیار و پلانەكانی ئەو كۆمپانیایانەی نیە. چونكە كاتێك كامپینی هەڵبژاردنەكان دەستپێدەكات ئەم كۆمپانیایانە باشترین سەرچاوەی كۆمەكی ماڵیین بۆ ئەو كەسانەی كەخۆیان كاندێد دەكەن ، بۆیە بەوەستانەوە بەڕووی هەریەك لەو كۆمپانیا گەورانەدا قومارێكی گەورەی سیاسیەیە بۆ هەر سیاسەتمەدارێكی دیموكراسی كاپیتاڵیزم . ئەم كۆمپانیایانە ئازادن لەهەرهەنگاوێك كە دەینێن بەتایبەت كاتێك ڕێژەی قازانج و داهاتی ساڵانەی ئەم كۆمپانیایانە كەم دەبێتەوە ، ئاكامەكەی كەمكردنەوەی دانی باج بەدەوڵەت و بێكاركردنی ژمارەیەكی رۆر لەكرێكار دەبێت ، وەهەندێ لەم كۆمپانیایانە بۆ پەیداكردنی سەروەت و سامانی زیاتر دەرگای كۆمپانیاكانیان دادەخەن ، ڕووە ئەو وولاَتانە دەڕۆن كەهێزی كار تێدا زۆر هەرزانە ، دیسانەوە بەپێی ڕێكتننامەكانی بازاڕی ئازاد دەوڵەت دەستەوەستان دەمێنێتەوە لەوەی كە ئەم كۆپانیایانە دەمێننەوە یاخوود بەپێچەوانەكەی .

چەمكێكی تر كە سۆسیالیزمی دیمۆكراسی ڕەخنەی لێدەگرێت مەسەلەی پەیوەندیە ئابووریەكانی نێوان وولاَتانی دنیایە ،  بەتایبەت وولاَتانی باكوور لەگەڵ باشووردا . سەرباری هەوڵ و ئیدعاكانی لیبراڵیزم سەبارەت بە پەیوەندیە

---

[9] Karl Marx, Friedrich Engels. <u>The communist Manifesto</u>. Oxford Ed. Edit by David McClellan 1992, P, 24.
10 Paul Krugman, New York Times, May 13, 2005).

ئابووریە نێودەوڵەتییەکان کە گوایە لەسەر بناغەی " win-win" یاخوود قازانجی دوولایەنە بەڕێوەدەچێت ، سیستەمی ئابووری نێودەوڵەتی لەئێستادا لەسەر بناغەی ( دۆڕا و براوەیە) یاخوو (Win/Zero- sum) پەیوەندییە ئابووریەکانی بەڕێوەدەبات . یانی بەومانایەی کە سەرکەوتنی هەموو پەیوەندیە ئابووریەکانی سەرمایەداری لەسەر هەژار کردن یاخوود تالآن و دەستبەسەراگرتنی سەروەت و سامانی وولآتانی تر ووەستاوە کە لەزۆر جێگادا ئەم جۆرە پەیوەندییە بە نیۆکۆلۆنیالیزم ناو دەبرێت. ناوبردنی ئەم پەیوەندییە ئابوورییەی کە ئێستا بەڕێوە ئەچێت بە نیۆکۆلۆنیالێزم دوور نییە ڕاستییەوە ، چونکە ئەگەر تاکو چەند دەیەیەك پێش ئێستا وولآتان سەربەخۆ نەبوو لەبڕیاردانەکاندا و لەلایەن دەستەلآت یاخوود دەوڵەتێکی داگیرکەرەوە بەڕێوە دەبران ، ئێستا سەرباری بوونی دەستەلآتێکی خۆماڵی ، لەزۆر باری ترەوە بەتایبەت ئابووری وابەستەن بەوولآتانی کاپیتالیستی گەشەسەندووەوە . ئەمە بووتە مایەی بەرهەم هێنانی یەکسانییەکی بێوێنە لەمێژووی ژیانی بەشەرەیەتدا . بۆ نمونە ئەگەر سەدەی بیست هەژاری لەنێوان دوو چیندا دیاردەیەکی بەرچاو بوو لەناو وولآتاندا ، ئەوە ئێستا جیاوازییە چینایەتییەکان دابەش بووە بەسەر ڕۆژئاواو و باشووردا ، کە وولآتانی باشوور ڕۆژ دوای ڕۆژ دەرگیری کێشە و شەڕ و ماڵوێرانی دەبن ، ڕۆژئاواش زیاتر بەهەرەمەند دەبێت لە سەروت و سامانی نەتەوەکان. لەئەمرۆدا 1.2 بلیۆن خەڵك لەخوار هێڵی هەژاریەوە دەژین یاخوود ڕۆژانە لەدۆلارێك کەمتریان دەستدەکەوێت بۆ ژیان. 44٪ ئەم خەڵکە دانیشتووی باشووری ئاسیان ، 24٪ خەڵکی بیابانەکانی ئەفریقان ، 24٪ لەخەڵکی ڕۆژهەلآتی ئاسیان و 6.5 ٪ دانیشتووی ئەمریکای لاتین و کاریبیانن .[11] بە بەراوردکردنی داهاتی خەڵکانی وولآتانی هەژارنیش جیاوازی نێوان ئەو ژمارانە لەگەڵ وولآتانی پێشکەوتووی پێشەسازی بەتایبەت وولآتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا و یابان و ئەمریکای باکوور گەواهی نایەکسان بوونی سیستەمی ئابووری کاپیتالیزم بۆ جارێکی تر پیشان دەدەنەوە . بۆ نمونە ، داهاتی ساڵانەی تاکێك لەوولآتە پێگەیشتووەکانی سەرمایەداریدا بە 30،000 $ دۆلارە مەزەندە دەکرێت، کەچی لەوولآتانی ئەمریکای لاتین دەوروبەری 6000 $ دۆلارە، لە کاریبیان لەئەفریقای باکوور 4000 $ دۆلارە، لەوولآتانی بیابانەکان ئەفریقا 2000 $ دۆلارە. هەر لەدرێژەی ڕیزکردنی ئەم ژمارانەدا کۆمەڵێ جێگەی تر هەن ژمارەی داهاتەکانیان زۆر لەوە کەمترە کەتانانەت بچنە ڕیزی ژماردنیشەوە. بۆ نمونە، داهاتی ساڵانەی تاکێکی وولآتی هایتی 1600 $ دۆلارە، لەوەلآتێکی وەك ئیسیوبیا دەرماڵەی تاکێك تەنیا 700 $ دۆلارە ، لەشەش وولآتی تری داهاتی ساڵانە تەنیا 600 $. کۆی هەموو ئەم ژمارانە ئەوەمان پیشان دەدەن کەهەرچەندە بەپێی سەرژمێرەکان وولآتانی پێگەیشتووی سەرمایەداری تەنیا 15٪ دانیشتوانی گۆی زەوی پێکدەهێنن، کەچی داهاتی ساڵانە 80٪ ی بەر ئەوان دەکەوێت، هاوکات هەندێ لەوولآتانیی هەرە هەژار کەلە 40٪ دانیشتوانی سەرگۆی زەوی پێکدەهێنن لەو داهاتانە تەنیا 3٪ی بەر دەکەوێت .[12]

پەردەهەڵماڵین لەسەر ئەم ڕاستیانە و وورووژاندیان لەکۆمەڵگادا بەکارێکی سەرەکی بزووتنەوەی سۆسیالیستی لەم سەردەمەدا دەناسرێت . وەبۆ چارەسەرکردنی ئەم نایەکسانییە ئابووریانە ئەو سۆسیالیزمەی کە باسی دەکەین باوەڕی بە ئابووریەکی دیموکراسی هەیە کە تێیدا بەرهەم هێنان و چالاکییە ئابوورییەکان بەچەند شێوازێك لەلایەن زۆرینەی کۆمەڵگاوە بەڕێوە دەبرێن. ئەم کۆنترۆڵکردنەی شێوازی بەرهەمهێنان و چالاکییە ئابووریەکان بەتنیا وەلآمی خواستەکانی سیستەمێکی پیوری سۆسیالیستی ناداتەوە ، بەڵکو پراکتیزەکردنی ئەم ئەرکانە بە عەقارێکدا کە کۆمەڵگا بەرەو کۆمەڵگایەکی بێ چین بەرێت ئەو ئەرکەیە کە ئەو هەنگاوە سۆسیالیستییە ئابوورییە لەبەر چاوی دەگرێت. وورد بوونەوە لە ڕەوشی ئەم کۆنترۆڵ کردنەی ئابووری بە مەبەستی بنیات نانی کۆمەڵگایەکی دیموکرات و یەکسان ، کارێکی زۆر تەم و مژاوی نییە و ئیمکانی جێبەجیکردنی هەیە لەئێستادا ئەویش ، یەکەم بە دووبارە دابەشکردنەوەی سەرەوت و سامانەکان بەمەبەستی فەراهەمکردنی هەلومەرجێك لە کۆمەڵگادا کەتاکەکان هەموویان بەهەرەمەندبن لەهەموو ماف و پێداویستییەکانیان.

---

[11] Ome, Yaounde. Governments and donors to foster innovative strategic Programs, 11 May.http://www.ifad.org/media/press/2002/26-02.htm (December 21, 2006).

12 *(2005 Economic Report of the President*,http://www.gpoaccess.gov/eop/)

وەرگرتنی باج لەوولاّتانی دەوڵەمەند و دانی ئەو باج و سەرانە بە وولاّتانی هەژار کە زۆربەیان لە بەشی باشووری سەرگۆی زەویدان و وورووژاندنی ئەم پێشنیارە لەئاستێکی سەراسەریدا ئامانجێکی تری ئەو بزووتنەوە سۆسیالیستیەیە. ئەنجامدان و گەرەنتی چوونە پێشەوەی ئەم جۆرە لەچارەسەرکردنی هەنووکەی کێشە ئابووریەکان لەگرەوەی فەراهەمکردنی پرۆسەیەکی دیموکراسی سەراپاگیردایە کە تێدا هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا دەنگیان هەبێت و ئازادانە بڕیار لەسەر مەسەلە ئابووریەکان بدەن ، یانی بەبێ بوونی ئەو دیموکراسییە ، فەراهەم بوونی کۆمەڵگایەکی بێ چین ئیمکانی نیە ، وەهەرچیەك بکرێت کۆمەڵگا دوبارە بەشێوەیەکی "هاریارکی" یاخوود چین سالاری خۆی ڕێکدەخاتەوە و لەدوا عاقیبەتدا دەستەلاّت وەك هێزێکی سەرکوتکەر دەمێنێتەوە . ئاشکرایە خاوەنداریەتی تایبەت شانسی ئەوەی داوە بەخاوەن کومپانیاکان کە کاریگەری زۆر بخەنە سەر حکومەتەکان و شێوەی دەستەلاّتداریێتیان دیاری بکەن . بۆیە کاتێك بزووتنەوەی سۆسیالیستی باس لە خاوەنداریێتی تایبەت دەکات دەیەوێت ئەو جۆرە کاریگەریە بەشێوەیکی یەکسان لەنێوان گشت تاکەکانی کۆمەڵگادا دابەش بکاتەوە ، ئەمەش ئەبێتە مایەی ئاڵوگۆڕ پێکردنی دەستەلاّت لەو شێوازەی ئێستایە کە کاری سەرکوت و کۆنترۆڵکردنی خەڵکە بۆ شێوازێکی تر کە سۆسیالیزمی دیموکراسی پێی وایە دەستەلاّت شێوازی " Management" یاخوو بەڕیوەبردن .

لایەنێکی تری تێڕوانینەکانی ئەم بزووتنەوە سۆسیالیستیەیە ڕەخنەگرتنە لەپاساوەکانی کاپیتاڵیزم کاتێك کە پاساو دەهێنرێتەوە بۆ ئەو چاوچڵیسیانەی کاپیتاڵیزم لەبەرهەمهێناندا بۆ ڕاگەیشتن بەپێداویستیەکان کە فریا گەشەی خێرای دانیشتوانی سەرگۆی زەوی . ئەم بزووتنەوە سۆسیالیستیەیە لەو باوەڕەدایە سەرباری گەشەی ڕێژەی دانیشتووانی سەرگۆی زەوی ، خواردن و پۆشاك و پێداویستیە سەرەکیەکان بەشی هەموو بەشەریەت دەکات ئەگەر بەشێوەیەکی یەکسان دابەشبکرێت. بەلاّم هەروەك دەبینین ئەوەی لە پرۆسەی ئابووری نێودەوڵەتیدا بەرێوە دەچێت ئەوەیە کە ڕێژەی بەرهەمهێنانی کەلوپەلەکان بەپێی بازاڕو پێداویستیەکانی بازاڕ بەرهەم دەهێنرێن ، نەوەك پێداویستی کۆمەڵگا و تاکەکانی. دەبینین بازاڕکردن و کڕینی شتومەك بووەتە یەکێك لەسەرچاوەکانی خۆشحاڵی ، بگرە هەندێ جار بازاڕکردن وەك کاتبردنەسەر بەکاردهێندرێت کە دیاردەیەکی زۆر باوە لە وولاّتانی کاپیتاڵیستی پێشکەوتوودا. دیارە کاتێك ئێنسان بەهەرەمەند دەبێت لەهەر پێداویستیەك کە پێویستی پێیەتی هیچ کات نابێت ئەم هەوڵە لەچوارچێوەی سەرووی بەرەخۆریەوە کەلە فەرهەنگی سیاسی ئێستادا پێی دەوترێت "Over Consumerism" بژمێردرێت . بەلاّم کاتێك باس لە بازاڕ کردن دەکەین مەبست لەو فەرهەنگە دروستکراوەی کاپیتاڵیزمە کە چۆن تاکی ڕاهێناوە بەشێکی زۆری خۆشیەکانی لە بازاڕکردندا ببینێتەوە . کاپیتاڵیزم هێندە زیرەکانە لەم مەیدانەدا کار دەکات ، زۆر ئەستەمە کەسێك بتوانێت نەبێتە بەشێك لەو هەلومەرجەی کە لە بازاڕە گەورەکانی کاپیتاڵیزمدا خوڵقاوە.

ئەگەر ڕۆژگارێك باشترین سەرچاوە بۆ بلاّوکردنەوەی هۆش و مەعریفەت و ئاگاهی میدیاکان بوو ، ئەمرۆ باشترین ڕۆڵ دەگێرن لەچوونە پێشەوەی سیاسەت و فەرهەنگە ئابووریەکانی کاپیتالیزمدا و ڕۆژ دوای ڕۆژ خەڵکی لەسرووشتی ئینسانی بوونیان دوور دەخەنەوە و بێ ئاگایان دەکەن لە ڕاستی ئەو کێشەو گرفتانەی کە لەدنیادا بەرێوە دەچن. کاری سەرەکی میدیا لەدنیای ئەمرۆدا ئامادەکردن و سەرنج ڕاکێشانی خەڵك و کویلەکردنیانە بۆ بازاڕو پەیوەندیە ئابووریەکان. هەر لە لاپەڕەی ڕۆژنامەکان و شاشەی تەلەڤزیۆن و سینەماکانەوە بیگرە تاکوو دەگاتە یاری زانە بەناوبانگەکان لەلایەن سیستەمی ئابووریەوە بەکاردەهێنرێن تاکو بانگێشەی خەڵك بکەن کە بازاڕکردن ، تەنانەت هەندێ جار تەواوی خۆشیەکانی ژیان دەبەسترێتەوە بەوەی کە کالاّیەك بکرێت ، بەکارهێنانی ڕیکلام و پڕو پاگەندەکان لەرێگەی میدیاکانەوە پڕن لەو جۆرە گاڵتەجاڕیانەی کاپیتاڵیزم.

وەستانەوە بەڕووی ئەم فەرهەنگە ئابووریەی کاپیتاڵیزمدا یەکێکە لەخەسڵەتە سەرەکیەکانی سۆسیالیزمی دیموکراسی بەمەبەستی جێگەوتەکردنی فەرهەنگێکی ئینسانی کە لەسرووشتی بەشەرەوە نزیك بێت . خوو و ڕەوشتێکی

ئابووری كە كۆمەڵگا بەوە ڕابهێنێت خۆشیەكانیان لە پەیوەندیە كۆمەلأیەتیەكان و هاوكاریكردن و خۆشەویستیان بۆ یەكتری ببیننەوە ، نەوەك لەگرەووی ململانێ و بەربەرەكانی لەگەڵ یەكتریدا بۆ دەستگیر بوون لەدەستكەوتی زیاتر .

## تێڕوانی سۆسیالیزمی سەبارەت بە دیموكراسی و بەشداریكردنی خەڵك لەبڕیارە سیاسیەكاندا.

كاتێك كە سەرژمێرێكی خێرای ئەو قوربانیانە دەكەیت كەلەچركە ساتێكدا دەبنە قوربانی شەڕە ئەتنییكی و مەزهەبەیەكان ، كاتێك دەبینین كوشتنی مرۆڤ و مامەڵەكردن پیانەوە لەو شەڕە خوێناویانەدا بەشێوەیەكی زۆر بێدەربەستانە بەڕیوە دەچێت، دەتوانین بلّێین ژیانی ئەمڕۆی بەشەریەت زۆر دوورە لەو پڕوپاگەندانەی كەلەلایەن سیستەمی كاپیتالیزم و سەبارەت بە سەقامگیركردنی دیموكراسی و ئازادیە فەردیەكان و بنیاتنانی كۆمەڵگای مەدەنی دەكرێت. لەهەلومەرجێكی ئاوهادا یەكێك لەگرفتە سەرەكیەكان بۆ گۆڕانو وەرچەرخان بۆ نزیك بوونەوە لە سوسیالیزمێكی ڕاستەقینە چۆنێتی نەهێشتنی دەستەلأتی بەشێكی كەمی كۆمەڵگا و بەڕێوەبردنی كاروبارە كۆمەلأیەتیەكانی نێو كۆمەڵگایە لەلایەن زۆرینەی خەڵكەوە. بێگومان دەستگەیشتن بەیەكسانییەكی هەمەلایەنەو درووست كەگشت تاكەكانی كۆمەڵ یەكسان بن لەماف ئەركاكانیاندا كاری شەو ڕۆژێك نیە بەڵكو پێویستی بەپرۆسەیەكی دیموكراسی سۆسیالیستی هەیە. تاكو ئێستا سەبارەت بەم مسەلەیە ناڕۆشنای زۆر هەیە لەسەر چۆنێتی بەشداركردنی خەڵك لەبڕیارە چارەنووس سازەكانی ژیانیاندا ، چونكە لەڕابردوودا ئەم مافەی بەشێوەیەكی زۆر شكلّییانە دەستنیشانكراوە. ڕەنگە هەندێ بۆچوون هەبێت پێی وابێت ئەمە كارێكی سەخت و دژوارە ، بەلأم هەروەك هاری ماگدۆف لەنووسینێكدا ئاماژەی پێدەكات و دەلّێت :" ئەنجامدانی هەر نەخشەو كارێك هێندە دژوارە كە تاكوو بەرگۆی دەكەوێت، بەلأم كاتێك دەبێتە وانەو لە پۆلەكاندا لەسەر تەختەی وانە ووتنەوە ڕۆشنای زیاتری لەسەر دەدرێت، ئیتر وەك هەر وانەیەكی ئاسای دەچێتە نێو خانەكانی مێشكەوەو ڕەنگدەداتەوە لەكردارو ئاخافتنی ڕۆژانەی هەر قووتابییەكدا.[13]ئەم بزووتنەوە سۆسیالیستییە یەكێك لەئەركەكانی قوولّكردنەوەی مانای ڕاستەقینەی دیموكراسیە لەنێو كۆمەڵگادا و چەسپاندنی دیموكراسیە لەفەرهەنگی كۆمەڵگادا . بۆ ئەم مەبەستەو ئەنجامدانی ئەركە دیموكراسیەكان " دیموكراسیەكی سەراپاگیر " بۆ بنیاتنانی ئەو فەرهەنگە بەگونجاو دەزانێت.

لەسیستەمی دیموكراسی كاپیتالّیزمدا بەشداری كردنی خەڵك لە بڕیارو بەرێوبردنی دەولّەتدا یەكسان كراوە بەوەی كە لەڕێگەی دەنگدانەكانەوە هەر چوارساڵەی جارێك خەڵكانێك هەلبژێرێت وەك نوێنەر و جێگیریان بكات لەپەرلەمانەكاندا . كاتێكیش ئەم بەناو " نوێنەرانە" گەشتنە دەستەلأت یەكەم كاریان پشتگوێ خستنی خەڵكو دەنگەكانیانە وەهاوكاتیش گەڕانە بەدوای بەرژەوەندیە شەخسیەكانی خۆیان بۆ ماوەی چوارساڵ لەڕێگەی دەستەلأتەوە. ئەم دیاردەیە خوو و ڕەوشتێك نیە لەتاكێكەوە بۆ تاكێكی تر جیاواز بێت ، بەڵكو بنەمای لەبەرچاوگرتنی ئەم بەرژەوەندیە شەخسییانە لە دیموكراسی كاپیتالّیستیدا بۆ ئەو بنەما فكریە ئابووریەی " سمیس" دەگەڕێتەوە كەدەلّیت " ململانی بۆ دەستكەوتی زیاتر" كە گشت سیستەمی كاپیتالّیزمی لەسەر بەرێوە دەچێت.

بەپێچەوانەی ئەو شێوازەی كاپیتالّیزم لە بەشداریكردنی تاكەكانی كۆمەڵ لەبڕیارە سیاسیەكاندا ئەم بزووتنەوە سۆسیالیستیە پێی وایە بۆئەنجام دانی ئالّوگۆڕە بنەڕەتییەكان لەپێكاهاتەی كۆمەڵگادا و بەمەبەستی بەشداریكردنی زۆرینەی خەڵك بەشێوەیەكی ڕاستەخۆو بۆ بنیات نانی كۆمەڵگایەكی تازە ، هەموو تاكەكانی كۆمەڵگا پێویستە بەشداری پرۆسەی سیاسی بكەن بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆو. مەبەست لەم بەشداریكردنەش ئەوەیە كە زۆرترین ڕێژەی نێونەرایەیتی

---

13 Hurry Magdoff. Approaching Socialism. Volume 57, Number 3. August, 2005.

لەیەکەکانی بەڕێوبردندا بەشدار بن . زیاد کردنی نوێنەرانی کۆمیتەکانی نوینەرایەتی و هێنانی ژمارەیەکی زۆر لە نمایندەکانی خەڵك و کەم کردنەوەی ماوەی هەڵبژاردن و جێکردنەوەی هەموو دەنگەکان بەپێی ڕێژەکانیان لە کۆمیتەکانی نوێنەرایەتیدا زەمانەتی ئەوە دەکات کە هەموو دەنگەکان ئامادە دەبن لەبڕیارە سیاسیەکاندا . ئەم پرۆسەیە جیاوازی نیە لەگەڵ شێوازی شورایدا ، بۆیە ئەوەی گرنگە لێرەدا ناولێنانی ئەم پرۆسەیە نیە بەڵکو ناوەڕۆکەکەیەتی.

ڕەنگە بە تەنیا ئەو چەند دێرەی سەرەوە سەبارەت بەچۆنیتی ئالگۆڕپێکردنی دەستەلات بۆ بەڕێوەبردن یاخوود " Management " و بەڕێوە چوونی پەیوەندیە سیاسیەکان لە کۆمەلگادا بەس نەبێت، بەڵکو پێویستی بەووردەکاری‌و نموونەی زیاتر هەبێت. دەکرێت وەك هەرکەسێکی نۆرمالی کۆمەلگا چەندین پرسیار ئێمەش عەودالی وەلامدانەوەی ئەم ئالۆزیەکانی ئەم بەشە بکات . بۆ نمونە لەپرۆسەی وەرچەرخان و کار کردن بەرەو سۆسیالیزم ، ڕەواڵەتی شار چۆن دەرگۆردرێت ؟ ئایا ئەم شێوازەی کە شارەکانی پێ بنیات نراوە لەگەڵ تێروانین و بانگێشەکانی ئەو جۆرە سۆسیالیزمەدا دەگونجێت کەباسی دەکەین ؟ چۆن ژینگەیەکی خاوێن‌و جێگەیەکی شیاو بۆ ژیان کردن فەراهەم دەکرێت؟ چۆن گەڕەکی ئارام‌و ڕێك وپێك تر بنیات دەنرێت؟. ئەم ئالۆگۆڕانە چۆن ئەنجام دەدرێن؟ تێکشکان‌و دارمانی کوخەکانی قەراخ شار چەند خەرج‌و مەساریفی دەوێت تاکو لەجێگەیاندا خانووبەرو ئەپارتمانی مۆدێرنی تیدا درووست بکەیت ؟ چۆن خەڵکی بەشداری لەپرۆگرامە چاکسازیەکاندا دەکەن، چۆن شێوەو دیمەنی شار بەبەشداری‌و بەلەبەرچاوگرتنی ئارەزووی خەڵك بنیات دەنرێتەوە، چۆن خەڵکی خۆیان دەبنە خاوەنی ئەم پرۆژانەو بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەرگیردەبن لەووردەکاریەکانیداو .......چەندین پرسیاری تر.

بۆ وەلامدانەوەی ئەم پرسیارانە ، وەرگرتنی یەك بەیەکی کەیسەکان و چونە سەریان بەشیووەیەکی وەرد لێرەدا ڕەنگە ئیمکانی نەبێت ، بەلأم باسکردنی ئەم مەسەلەیە وورد بوونەیە لە گرتنەبەری میکانیزمێك کە بەشێوەیەکی درووست ئەو پرسیار و کێشانەوە وەلأم وەربگرنەوە . گرنگترین میکانیزم بۆ ئەم ئالوگۆڕانەش دیسانەوە بەشدارکردنی ئەو بەشە زۆرەی خەڵکی چەوساوە بەشمەینەتەیە لەهەرهەنگاوێك کەدەنرێت بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە. کاتێك کە ئەم گرفتە لەلایەن زۆرینەی خەڵکەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت بێگومان عاقیبەتەکەی دەبێتە مایەی پاڵپشتییەکی زۆری کۆمەڵگا وەبەشێوەیەکی درووست ئەو گرفتانە چارەسەردەکرێن . بۆیە ئەو گرفتانە بەشێوەیەکی درووست وەلأم وەردەگرنەوە چونکە زۆرینەی کۆمەلگا ئەنجامی دەدەن ، خەڵکانێگ ئەبنە چارەسەرکەری ئەو کێشانە کەدژی ڕەگەزپەرستی‌و نەتەوەپەرستی‌و جیاوازیکردنی جێندەرێین ، و هیچ بەرژەوەندیەکیان نیە لەگەڵ جیاوازی خوازیدا. بۆیە بۆ سڕینەوەی ئەم جیاوازیانەو بەشداریکردنی زۆرینەی زۆری خەڵك لەبەڕێوەبردنی کارەکانی کۆمەڵگادا پێویستە بۆ چرکەیەکیش بێت دەستبەرداری گۆڕینی سیستەم نەبین لەبناخەوە، وەئەرکی سەرەکی ئەو بزووتنەوە سۆسیالیستیەیەی کە باسی دەکەین خەو بینین نیە بەسۆسیالیزمەوە بەڵکو هاویشتنی ئەو هەنگاوانەیە کە ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر لە سۆسیالیزمان نزیکدەکەوە.

## ڕەخنەی سۆسیالیستی لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردنی کاپیتاڵیزم لە گەڵ ژینگەدا.

ئالگۆڕکردن‌و تێکچونی ئاوو هەوای ژینگە مەترسیەکی گەورەی خستووتە دڵی زۆربەی وولاتانی دنیاوە ، وە بووەتە مایەی نیگەرانی و ئەگەری ڕوودانی کارەساتە سرووشتیەکان. بێگومان ڕوودانی ئەم هەموو ئالوگوڕانە بەم هێواشیەی ئێستای نامێنێتەوەو کەساڵانە لێرەو لەوێ ڕوودەدەن ، بەڵکو ڕەنگە زۆر خێراتر ببنەوە لەئایندەیەکی نادیاردا ئەگەر بیر لەچارەسەرکردنیان نەکرێتەوە .بۆ نمونە چوونە سەرەوەی ڕێژەی توانەوەی شاخەبەفرینەکانی ئالاسکا دەبێتە مایەی ڕوودانی لافاوو هەڵچوونی کەنارەکان، کە هۆکاری سەرەکی لەگشتدا تێکچوون و گەرم بوونی کەش‌و هەواو ژینگەیە[14].

---

[14] Harry Magdoff. "The Pentagon and Climate Change," Monthly Review, May 2004).

سیستەمێك کەسروشتەکەی لەسەر بنەمای فراون بوونەوەو بردنە سەرەوەی ڕێژەی بەرهەهێنان بێت، بێگومان لەئایندەدا دەکەوێتە دژایەتی کردنی سەرچاوە سرووشتیەکانی سەرگۆی زەوی و بەلأنصی ژینگە بەتەواوی دەشێوێنێت. بەردەوام بوونی سەرچاوە سرووشتیەکان لەگرەوی چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵیاندایە تاکو وەکوخۆیان بمێننەوە و لەنێو نەچن. بەڵام کاتێك کە ئەمانە هەموو خرانە خزمەت پرۆسەی بەرهەمهێنانەوە، ئەوە کاریگەریە لابەلاکان دەبنە مایەی ڕوودانی کارەساتی گەورە و ترسناك بۆ سەر ژیانی بەشەریەت . بۆ نمونە، بەکارهێنانی نەوت بەڕێژەیەکی زۆر بۆ وەرچەرخانی تەکەنەلۆژیا، بەکارهێنانی ئاو بۆ بەڕێوەبردنی کاری کشتوکاڵیو پیشەسازی بەشێوەیەکی بێ سنوور ، بڕینی دارو درەختەکان بۆ درووستکردنی تەختەو کاغز و بەکارهێنانیان زیاد لەپێویست و کۆکردنەوەی چەندین جۆری کانزا بەهەمان شێوە، نمونەی ئایرنو بایۆتاکسید.. . هتد، کاریگەریە لابەلاکانی ئەو جۆرە مامەڵەکردنانە لەگەڵ سەرچاوە سرووشتیەکاندا بوونەتە مایەی ڕوودانی. چونکە هەندێ لەم سەرچاوانە بەرەو بنبەست و نەمان. بۆ نمونە جەنگەڵستانەکانو ماسی دەریاکان ژمارەیەکی سنووردرایان هەیەو ناکرێت بەبەردەوامیو بێ گوێدان بەبەرهەم هێنانەوەیان بەشێوەیەکی سرووشتی یاسای خۆیان کەڵکیان لێ وەربگیردرێت. بەپێی هەندێ لێکۆڵینەوە لەساڵی ڕابردوودا کەلەسەر سنووردار بوونی ماسی و بەرهەمەکانی تری خۆراکە دەریایەکاندا کراوە بەوە گەشتوون کە ئەگەر شێوازی ڕاوکردنی ماسی و بەرهەمەکانی تری نێو دەریا نەگوردرێت ئەوە بۆ ساڵی 2048 دەستگیر بوون لە و سەرچاوانە زۆر ئەستەم دەبێت .[15] بەکارهێنانو دەرکردنی نەوت لەشوێنە بیابانەکاندا ڕەنگە تاکو ماوەیەك بەو شێوەیە بەردەوام بێت ، بەڵام دواتر ووشکببن. چونکە ئەوەی گرنگ بێت لەسیستەمی کاپیتاڵیزمدا تەنیا گوێدانە بەدەستکەوتە هەنوکەیەکانو دابینکردنی پیداویستیەکانی بازاڕ لەئێستادا و چاوپۆشی کردن لەکەمی مانەوەی تەمەنی ئەو سەرچاوانە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکان . بۆیە بۆ کاپیتاڵیزم وورد بوونەوە لەم مەسەلانە وەك ئەوە وایە باس لە سەروژێرکدنی بکەیت، چونکە هەروەك لەسەرەوەش ئاماژەم پێکرد بنەمای هەوڵو تەقەلاکانی سەرمایەداری ئەوەیە کە لەماوەیەکی کورتدا باشترین قازانج بەدەست بهێنێت. ئیتر ئاکام و کاریگەریە لابەلاکانی چیین ئەوە مەسەلەیەکی ترە کە بێگومان کۆمەڵگا دەبێتە قوربانی زەرەرو زیانی ئەو چالاکیانە و ئاکامە خراپەکانی ژینگەش بەهەموو لایەکدا پەخش دەبێت. بۆ نمونە ئەو بەڵگەنامانەی کە باس لە لەنێوچوونو بنبڕبوونی هەندێ جۆرە ماسی لەئۆقیانووسو دەریاچەکاندا بەڕاشکاوی دەکەن ، ڕاستی ئەوە دەسەلمێنن کە ئەگەر تەماحو ئارەزووی چلێسی بەشەر سنووری بۆ نەبێ لەسیستەمی کاپیتاڵیزمدا، ئەوە گیانەوەرەکانی نێۆ دەریاکان بەشی ئەو چاو چلێسیە ناکەن . چونکە بەستنی هەزاران تەن لەماسیو قۆرغ کردنیان لەلایەن کۆمپانیاو خاوەن کەشتیەکانی ماسی گرتنەوە، نمونەی ئەو چاو چلێسیو بنبڕکردنەیە. هەرچەندە کەڵك وەرگرتن لە گۆشتی نێو دەریا یاخوود " سی فوود " سەرچاوەیەکی زۆر کۆنە، بەڵام هیچ کاتێك بەئەندازەی ئەو ڕێژەیەی ئێستای بەکار نەهێنراوە و نەگەیشتووتە ئەو هێڵە سوورەی کە ئەگەر ببەزێندرێت دەبێتە مایەی کارەساتی لەنێوچوونی هەتا هەتای گیانلەبەرانی نێو دەریا. هاوکات کەڵك وەرگرتن لەئاوی ڕووبارەکان لەپەنای بارانەوە بۆ کشتوکاڵیکردن ڕیشەیەکی کۆنی هەیە، بەڵام لەپەنجا ساڵی ڕابردوودا سنوورە سرووشتیەکەی زۆر بێدەربەستانە بەزێندراوەو خەریکە دەبێتە مایەی ووشك بوونی زۆر ڕوبارو دەریاچە لەدنیادا. بۆ نمونە " ڕووباری زەرد " کەیەکێکە لەڕووبارە ناسراوەکان لەباکووری چین، زۆربەی ساڵەکان پێش ئەوەی بگاتە دەریاکان ووشك دەبێت، لەبەر ئەوەی هێندە ئاوی لێدەردەهێنن کەباران فریای پڕکردنەوەی ناکەوێت. نمونەیەکی تر ، کە خەڵکی شوێنەکانی " ئۆگلالە" کە لەدەشتاییەکانی باشووری "Dakota " وە دەستپێدەکات تاکو پارچە زەویەکانی تیکساس،

15 Impacts of Biodiversity Loss on Ocean Ecosystem Services. Science 3 November 2006:Vol. 314. no. 5800, pp. 787 - 790
DOI: 10.1126/science.1132294. http://www.sciencemag.org/cgi/content/abstract/314/5800/787

ئاماژەیان بەکەم بوونەوەی ئاوی بیرەکان کردوە، ئەوان دەڵێن ئەو برە ئاوەی کەلەو بیرانەدا دەردەهێنرێت لەوە زۆر زیاترە لەو ڕێژەیەی کەدەچێتەوە جێگەکەی، وە کاتێکیش ئەم خەڵکانە باس لەم ڕاستیانە دەکەن یەکسەر بە کۆمۆنیست بوون تاوانبار دەکرێن. زەمەنی جێگرتنەوەی ئەو کەرەستەو پێداویستیانەی کەلەسرووشتەوە دەردەهێندرێت یەکسانە لەگەڵ ئەو ڕێژەیەی کەدەرهێنانی شتەکان پێکیدێنن. هەرچەندە مەزەندە دەکرێت تەمەنی ووشکبوونی بەشێك لەسەرچاوەکان بەسەدان ساڵ لەئێستاوە دوور بێت، بەڵام هەندێ تیۆرانینی تر هەیە پێی وایە کە ڕێژەی ووێران بوونو لەنێو چوونی ئەو سەرچاوانە وەکوخۆی نامێنێتە بگرە هەندێکیشیان لەهەڵکشانێکی خێرادایە کە گرنگترینیان " نەوت" ە کەپێ ناچێت تەمەنی مانەوەی وەك سەرچاوەیەك زۆری مابێت. بۆ نمونە، ئەو ڕێژە نەوتەی کەبڕیار بوو لەساڵی 1989وە تاکو پەنجای ساڵی داهاتوو بەکار بهێنرێت، لەساڵی 2003 دا کورت کرایەوە بۆ 41 ساڵ یانی بەکارهێنانی نەوت ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕێژەکەی ڕوو لەهەڵکشانە لەبەرامبەریشیدا تەمەنی کورت دەبێتەوە[16]. ڕێژەی بەرهەم هێنانی ستیڵو بەکارهێنانی ئاسن 16٪ چووتە سەر لەنێوان ساڵانی 2003و 2004 دا، وە ئەگەر هەڵکشانی ڕێژەی ئەم بەشە هەر لەئێستاوە ساڵانە 7٪ دا بێت ئەوە مەزەندە دەکرێت کە " ئاسن "و " مس" بەردەوام بوون و فەراهەم بوونیان لەشەست ساڵی داهاتوودا بەبنبڕکردن بگات. بۆیە لەکۆتایی ئەم بەشەدا ئەتوانین بڵێین ڕێگەیەکی دیاری کراو نیە لەسروشتی کاپیتاڵیزمدا بەر بەلەنێوچوونو بنبڕکردنی سەرچاوە سرووشتیەکان بگرێت، چونکە کاتێك کەنرخی نەوت چەند بەرابەر هەڵدەکشێت، بێگومان هەوڵی زیاتر دەدرێت بۆ دەرهێنانی نەوتو پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کەدەکەوێتە بازاری نەوتەوە. وەلەم پرۆسەیەشدا دیسانەوە چارەنووسی کۆمپانیاکانی نەوت و هەڵکشانی ژمارەی سەرمایەکانیان بەبنبڕکردنی ئەو سەرچاوانەوە گریەداوە کەخوودی سیستەمەکە لەسەری بنیات نراوە[17]. بۆیە ڕیزگرتن و پاراستنی ژینگە لەسیستەمی کاپیتاڵیستیدا کارێکی ئەستەم و دژوارە ، چونکە چۆنێتی مامەڵەکردنی تاك لەگەڵ ژینگەدا ڕەنگدانەوەی مامەڵەکردنە کۆمەلایەتیەکانە کە دیسانەوە مامەڵەکردنێکی "هاریارکییانەیە".

## بزووتنەوەی فیمێنیستی لەڕوانگەی ئەم بزووتنەوە سۆسیالیستیەوە چۆنە ؟

بزووتنەوەی ژنان لەمێژووی ڕابرووودوویدا کاریگەری تیۆرانینە جیاجیاکانی بەخۆوەوە بینیووە ، وە ئەتوانین لەپەیوەند بەم مەسەلەیەوە باس لەسێ چەمك بکەین کە سروشت و ناوەڕۆکی ئەم کارگەریانە دیاری دەکەن. ئایدۆلیژیا ، کە سیستەمێکی دیاری کراوی بیرکردنەوەیە یەکێکە لەو کاریگەریانە . داوتر چوارچێوەیەکی ئیپیستمۆلۆجیکی کە شیاوازی کارکردن لە چوارچێوەی دەزگا یاخوود ڕێکخراوەکاندا دیاری دەکات ، دوایەمین کاریگەری بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی فیمێنزمە کە سەرو سیماکەی لەلایەن ئەو ئایدۆلۆژییانەوە دیاری دەکرێت . دیارە ئەگەر باوەڕمان بەدیموکراسیەکی ڕاستەقینە هەبێت ، نابێت نیگەران بین لەبوونی ئەو جۆرە تیۆرانینانەی کە چەند بزووتنەوەیەکی فیمینیستی جیاوازی بەرهەم هێناوە لەکۆمەڵگادا . بەڵام هاوکاتیش هەڵسەنگاندن ووردبوونە لەوەی کە بزانین کام لەم تیۆرانینانە جێگەو ڕێگەی ژنان لەکۆمەڵگادا دەگۆڕێت بەشێکی بەرچاوی پراکتیزەکردن و جێکەوتە کردنی ئەو فەرهەنگە دیموکراسیە لەبزووتنەوەی فێمینیستیدا . دەکرێت بەشێوەیەکی خێرا ئەو تیۆرانینانە هەڵسەنگێنین ، بۆ ئەوەی ئەوەمان بۆ ڕۆشن ببێتەوە کە کام لەم تیۆرانینانە بەشێوەیەکی ڕاست ودرووست دەیەوێ جیاوازییە جەندەریەکان کۆتای پێبهێنێت.

---

[16] British Petroleum, Statistical Review of World Energy 2004,
<http://www.bp.com > (December 28, 2006).
[17] Harry Magdoff, Fred Magdoff. Approaching Socialism. Monthly Review, July, 2005. Volume, 57.
http://www.monthlyreview.org/0705magdoffs1.htm (December 25, 2006).

پێنج بۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر کێشەی فێمێنیسم لەنێو گفتوگۆو دایەلۆکە سیاسییەکاندا . فێمێنیستی کۆنسێرڤەتیف ، لیبرالّ ، کۆمۆنیست ، فیمێنیستی جوودا خواز کە ئێستا لەهەموو فێمێنیستەکانی تر بەهێزترە و لەنێو ژناندا پێشوازی زۆری لێدەکرێت ، دواترینیشیان بزووتنەوەی فیمێنیستی سۆسیالیستیە کەسەرباری ئیدعاکان جیاوازیەکی زۆری نیی‌یە لەگەلّ فیمینیستی کۆمۆنیستدا.

تێڕوانینی کۆنسەرڤەتیف بۆ مەسەلەی ژنان بەشێوەیەکی گشتی لەکۆمەلّکا پێنەگەیشتووەکاندا کاریگەریەکانی بەسەر زەینی ئافرەت و کۆمەلّگاوە بەدی دەکرێت ، هەرچەندە لەدامێنی ئەم کۆمەلّگا دواکەوتووانەشدا لێرە و لەوێ بەشێوەی پچڕ پچڕ کاریگەری تێڕاونینەکانی تر بەدی دەکرێت ، بەلاّم لەباشترین حالّەتیدا ئەو کاریگەریانە لەئاستی گرووپێکی بچووکدایە .

تێگەیشتن لەتێروانینی فیمێنێستی کۆنەسەرڤەتیف هێندە کارێکی دژوار نییی ، چونکە ئەکرێت بلّێین ئەوەی ئێستا لەدنیای واقیعی ژیانی ژناندا بەڕیوە دەچێت لەژێر کاریگەریەکانی ئەم تێڕوانینەدایە. ئەم تێڕوانینە پێگەیەکی سەرکی لەمنالّدانی دینەوە سەرچاوە دەگرێت . باوەڕە سەرەکی‌یەکانی ئەم کۆنسێپتە ئەوەیە کەژنان بۆ منالّ بەخوێکردن و ڕاپەراندنی کاری ناومالّ و خانەوادیە. ئەم تێڕوانینە نەك بەتەنیا لەناساندنی هەویەتی ژناندا کاریگەریەکانی بەدیدەکرێت، بەلاّم لەگشت چەمکەکانی ژیاندا ئەوتوانین بەئاسانی ووشە بەووشەی ئەم کۆنسێپتە بەدی بکەین.

خویندنەوەی لیبرالّیزمیش بۆ مەسەلەی ژنان بەئەندازەیەکی بەرچاو لەدنیای واقیعی ئەمڕۆدا بەدی دەکرێت لەژیانی ژناندا . ئەگەر بەشێکی ژیانی واقیعی لەژێر کاریگەری بۆچوونی کۆنەسەرڤەتیزمەوە بەڕێوە بچێت ، ئەوە بەشەکەی تری لەلایەن لیبرالّیزمەوە کۆنترۆلّ کراوە. دەبینین خانەودا تاکو ئێستا یەکێکە لە پاییەکانی کاپیتالّیزم و هێندەی ژنان دەرگیری کاروبارە ئیدارییەکانی ناومالّن ، ئەوەندە پیاوان دوورن لەم مەسەلەیە . کاریگەری تێزە فیکریەکانی لیبرالّیزم هێندەی تر باری ژنانی قورس تر کردوتەووە بەوەی کە ئێستا ژنان بەتەنیا لەمالّەوە کار ناکەن بەلّکو بەشێکی زۆریان لەوولاّتە پێشکەوتوو کاپیتالّیستیەکاندا کاری دەرەوەش ئەنجام دەدەن . تێڕوانینی لیبرالّیزم بۆ مەسەلەی ژنان ئەوەیە کە دەبێت ژنان پێگەی کۆمەلاّیەتیان هەبێت ، یانی بەبێ گۆڕانی پێهاتەی کۆمەلّگا یاخوود ئەو هەلومەرجە ڕیشەیانەی کە ژنانیان کردووە بە مرۆڤی ژمارە دوو ، لیبرالیزم دەلّێت با ژنانیش وەك و پیاوان کار بکەن جێگە گرنگەکانی دەستەلاّت بەدەستەوە بگەرن . لیبرالّەکان پێ لەسەر یەکسان بوونی ژنان دادەگرن لە بەڕێوەبردنی کۆمەلّگادا ، باوەڕیان وایە دەبێت ژنان لەپۆستەکاندا هەمان ڕۆلّی پیاو بگێرن ، بەلاّم بەهیچ شێوەیەك لیبرالّەکان پێیان وانی‌یە مەسەلەی ژنان وابەستەیە بەکێشەو نایەکسانی‌یەکانی کاپیتالّیزمەوەیە وەك سیستەمێکی ئابووری و کۆمەلاّیەتی.

تێڕوانینی سێیەم بەتێڕوانینی فیمینیستی کۆمۆنیست لەقەلّەم دەدرێت ، ناونانی ئەم بەشەی بزووتنەوەی فێمینیستی لەڕیگەی بەکارهێنانی درووشمەکانی کارلّ مارکس وە نراوە کە لە بەرچاوترینیان ئەوەیە کەدەلّێت :" رزگاری تەواوی ژنان لە ڕزگاری چینی کرێکاردایە". ڕەخنەی سەرەکی لەم تێڕوانینە لەوێوەیە کە گوایە چارەسەرکردنی مەسەلەی ژنان لەکۆمەلّگادا دوادەخرێت بۆ بەرقەرار بوونی کۆمۆنیزم یاخوود بۆ دوای نەمانی چینەکان.

ئێمە تاکو ئێستا خوێندنەوەی ئەو تیڕوانینانە بۆ بزووتنەوەی فیمێنیستی لەدەمی خۆیانەوە باس دەکەین و دەچینە سەر تێڕوانینی چوارەم کە جودا خوازەکان ناسراوە . ئەم بۆچوونە سەرچاوەی هەموو کێشەکان بۆ پیاو دەگەڕێنێتەوە و دەیەوێت بەیەکجاری خۆی لەپیاو وەك ڕەگەزێك جیا بکاتەوە . ئەم بزووتنەوەیە لەگۆمەلّگا هەرپێشکەوتووەکاندا دەستکەوتی زۆری بۆ خۆی فەراهەم کردووە ، بۆ نمونە ئێستا لەوولاّتێکی وەك کەنەدا دوو ژن بەڕەسمی دەچنە دادگا خانەوادە پێك دەهێنن و تەنانەت لەچوار وولاّتی دنیا ( هۆلّەندا ، بەلجیکا ، ئیسپانیا و کەنەدا) بەشێوەیەکی دەستووری مافی

ئەوەیان هەیە پێکەوە بژین و پێناسەکردنی زەواج بەتەنیا لەنێوان نێر و مێکدا نیە بەڵکو ئەکرێت لەنێوان دوو نێر یاخوود دوو مێشدا ببێت ، دیارە ئەمە بۆ هەردوو ڕەگەزەکە وایە کە بەهرەمەندن لێی .

باسکردن لەسەر بزووتنەوەی فیمێنیستی سۆسیالیستی دوامین تیۆرانینە لەسەر مەسەلەی ژنان کە بەیەکێك لە مەیدانە سەرەکیەکانی کارکردنی ئەو بزووتنەوە سۆسیالیستیە لەقەڵەم دەدرێت . بێگومان ئەم بزووتنەوەیەش زۆربەی کێشەکانی ژنان دەگەڕێنێتەوە بۆ پێکهاتەو پەیوەندیە ئابووری کۆمەڵایەتیەکانی سیستەمی کاپیتالیزم. بەلام بەپێچەوانەی ئەو ئیدعیانەی کە لەدژی بزووتنەوەی فیمینیستی کۆمۆنیستیەوە دەکرێت ، ئەم بزووتنەوەیە هەم لەئێستادا بۆ باشتکردنی هەلومەرجی ژیانی ژنان کار دەکات ، هەم پەردە هەلدەماڵێت لەسەر ئەو ڕاستیە شاراوانەی کە کاپیتالیزم وەك سیستەم ناتوانینت بەبێ چەوسانەوەی بەشێکی بەشەرەکان درێژە بەژیانی بدات . ڕەخنەگرتن لەفەرهەنگە کۆمەڵایەتی وئابووریەکان و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی باوکسالاری لەنێو خانەوادە کەسەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی هاریارکی بەئەرکی سەرەکی خۆی دەزانێت .

لەکۆتایدا باسکردن لەکێشەکانی بەشەر و وورد بوونەوە لێیان بەمەبەستی چارەسەرکردن هیچ کات نابێت لە چوارچێوەی گروپ و یاخوود شکڵێکی ئەکادیمیایدا باس بکرێت بەڵکو پێویستە ببنە باسی زیندوو لەکۆمەڵگادا و پەرچەمی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی بەرفراوان بن . ڕنگە هەندێك پێیان وابێت ئەم بۆچوون و تیۆرانینانە دەمێکە ئەوترێنەوە و ئەو کەسانەی باس لەم جۆرە ئاڵوگۆڕە کۆمەلایەتی ئابووری سیاسیانە دەکەن خەڵکانێکی خۆشخەیاڵن ، بەلام ئەم باسە بەقسەیەکی بەرناردشۆ کۆتای پێدەهێنم کەوەلامێکە بۆ ئەو جۆرە قسانە ، ئەو دەڵێت : مرۆڤی واقیعی ئەو کەسەیە کە بیرکردنەوەکانی خۆی لەگەڵ دنیای واقیعدا دەگونجێنێت بۆ ئەوەی ڕەزامەندی زۆرینەی کۆمەڵگا بەدەست بهێنێت ، مرۆڤی ناواقیعیش ئەو مرۆڤەیە کە دەیەوێت دنیا بەپێی بوچوونەکان و باوەڕەکانی خۆی ببینێت . بەلام نابێت ئەوەمان بیر بچێت کە هەموو ڕوودا و پێشکەوتنەکانی ژیان لەڕیگەی مرۆڤی ناواقیعییەوە ئەنجام دراون.

<u>تێبینی</u>: **ئەمە بابەتی سیمینارێك بوو کە من لەشاری ڤانکۆر گێڕام .**